# مۆسیقا و گۆرانی کوردی
# دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و... تا ئێستا

**خوا، هیچ پێغەمبەرێکی خۆی**
**بەبێ دەنگی خۆش بۆ خەڵک نەناردووە**
«پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)»

«١»

سەرەتا، دەبێ ئەوە بزانین کە لە سەرتاسەری قورئانی پیرۆزداو تاقە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بەرامبەر دژایەتی کردنی **مۆسیقا** نییە و تەنانەت دەستەیەک لە زانایانی ئیسلام، لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ئەوەی لە سورەتی ٢٥ «**الفُرقان**- ئایەتی یەکەم»ی قورئانی پیرۆزدایە و دەفەرمووێ [**تَبارکَ الّذي نَزّلَ الفُرقانَ عَلى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلعَلمين نَذِيراً**]، واتە: [خوا ئەو شتانەی کە خۆی حەزی لێیەتی، بە مەخلووقاتی خۆی دەدا]، مەبەستی لە دەنگی خۆشە. دیسانیش دەڵێن کاتێ لە ئایەتی ١٨ - سورەتی ٣١ - **لُقمان**دا، کە دەفەرمووێ: [**وَاقْصدْ في مَشْيَكَ وَأَغْضُضْ مِنْ صَوتِكَ إنَّ أَنْكَرَ الأصوات لصوت الحَمير**] و بە تایبەتیش کە دەفەرمووێ: **دزێوترین دەنگ، دەنگی گوێدرێژە**؛ لە ڕاستیدا و بە شێوەیەکی شاراوە، مەبەست لە پەسەند کردنی «**دەنگی خۆش**»ە.

هەروها ئایەتی ٣١ - سورەی ٧- **الأعراف**، کە دەفەرمووێ [**قُلْ مَنْ حَرَّمَ زينَةَ اللّه الّتي أَخْرَجَ لِعِبادِهِ وَالّطيبتِ مِنَ الرِّزقِ قُلْ هِيَ لِلّذين أمَنواْ في الحَيوةِ الدُّنيَا خالِصَةً يَومَ القيمةِ كَذلكَ نُفَصِّلُ الأيتِ لِقَومٍ يَعْلَمُون**]، بە واتا: ئەی پێغەمبەر، بڵێ کێ ئەو جوانییانەی خوای حەرام کردووە، کە بۆ بەندەکانی خۆی بەدیهێناوە!؟ پێیان بڵێ ئەم نیعمەتانە لە دنیادا، خەڵاتی گەلی ئیماندارانە... و وەک بە گوێرەی ئەم بەڵگەیە لێکیان داوەتەوە **مۆسیقاش** ئازادکراوە.

جگە لەم بەڵگانە، هەر لە قورئاندا، لە سورەتی ٥٣ - النجم - ئایەتی ٦٠، ٦١دا، باسی **سامدون** کراوە، کە مەبەستیش لە سامدون، ئەو کەسانە بوون، لەو ڕۆژگارەدا، گۆرانی و ئاوازیان چڕیوە.



ئەم نموونانە و هەندێ وردە بەڵگە و وردە ئاماژەی تریش هەر لە قورئاندا هەن، کەم و زۆر هێما بۆ **مۆسیقا** و **دەنگی خۆش** دەکەن و بەهیچ جۆرێکیش بەرهەڵستی **مۆسیقا** و **دەنگی خۆش** ناکەن. کەچی زانایانی **فیقهی** ئیسلامی، لە سەردەمی دوای **قورئان** و دواتردا، لە مشتومڕی ئەوەدان، کە ئاخۆ **بیستنی مۆسیقا**، واتە: **سماع**، حەڵاڵە، یان حەرامە!؟

بۆیە لەم بارەیەوە خۆرهەڵاتناسانیش، سەبارەت بە کێشەی **مۆسیقا** لەناو ئیسلامدا، دەبنە دوو دەستە، کە دەستەیەکیان پێیان وایە حەرام کردنی **بیستنی مۆسیقا**، ڕاستەوخۆ، پییوەندی بەحەزرەتی **محەمەد**ەوە هەیە و دەستەکەی تریان پێیان وایە کە زانایانی ئیسلام، لە ڕۆژگاری **عەباسی**دا، لە بەرامبەر ڕێزی بێ ئەندازەی خەڵک لە **مۆسیقا** و پابەندیی زۆریان بە **مۆسیقا**وە، ئیرەییان پێ بردوون و بۆ سنوور دانانیش بۆ ئەو سەرقاڵییە لە ڕادە بەدەرەی خەڵک بە **مۆسیقا**وە، فتوای دژایەتی کردنی **مۆسیقا**یان داوە، کە دەشێ هەروا بێ و درەنگانێک زانایانی ئیسلام، هەڵوێستیان سەبارەت بە **مۆسیقا** و **گۆرانی** گۆڕابێ، چونکە لە کتێبی **الأغاني** «سەدەی دەیەمی زایین» (٣٩- ٧٠) و هەروەها مێژوونووس «سید میر علی»یش هەر پێی وایە، کە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا، دژایەتی **مۆسیقا** نەکراوە (٣٩، ٨٨).

لەبەر ئەمانە و بۆ زیاتر دڵنییا بوون لە دیدی ئیسلام، بەرامبەر بە **مۆسیقا**، نزیکترین و ڕاستترین ڕێگە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە، هەر پەنابردنە بۆ قورئانی پیرۆز و **حَدیث «فەرمووده»**کانی حەزرەتی **محەمەد** (د.خ) و وەک وتیشمان قورئانی پیرۆز، هیچ دژایەتی و بەربەستییەکی لە **بیستنی مۆسیقا** نییە، بۆیە دوای قورئان، بە شوێن فەرموودەکانی حەزرەتی محەمەددا (د.خ) دەگەڕێین، کە ئەم فەرموودانەش، جگە لەوەی ڕوونترین سەرچاوەن بۆ وتار و ئاکار و هەڵوێستی حەزرەتی **محەمەد** (د.خ)، بەرامبەر ئایین و کاروباری کۆمەڵایەتی تێکڕای موسوڵمانان، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی حوکمی شەرعیان هەیە و هاوشانی «**وەحی**»ن، بۆیە دەتوانرێ لە دوو توێی ئەم **فەرموودانە**دا، یاسایەکی گونجاو، بۆ **بیستنی مۆسیقا** دیاری و دەستنیشان بکرێ.

فەرمووده «حديث» لە پێغەمبەر -د.خ- دەگێڕنەوە، کە ئەمانەن:

١- خوا، هیچ پێغەمبەرێکی خۆی بەبێ دەنگی خۆش، بۆ خەڵک نەناردووە (٣٩، ٦٦).

٢- «**أوتيتُ مِزماراً مِنْ مَزامير آل داود**» واتە: منیش شمشاڵێک لە شمشاڵەکانی **داوودم** پێ بەخشراوە. «بەمانای ئەوەی منیش خاوەنی دەنگێکی خۆش و ئاوازێکی **داوودیم**» (٥١، ٨٥)

٣- سۆز و بەزەیی خوا، بۆ کەسێک کە بە **دەنگی خۆش** قورئان دەخوێنێ، زیاترە، لەو مامۆستایەی کە کچێکی گۆرانیبێژ بار دەهێنێ و گوێ لە دەنگی کچەکە دەگرێ(٣٩، ٦٦).

٤- هەروەها دەڵێن **ئەنەس کوڕی مالیک** (لە ٧١٥ز-دا مردووە) وتوویەتی: پێغەمبەر (د.خ)، وای حەز لێ بووە لە کاتی کاروانیی و سەفەردا، گوێی لە دەنگی گۆرانی و ئاوازی کاروانیی **حدی** ببێ. بۆیە لەم کاتانەدا پێی خۆش بووە **انجُشه** گۆرانی بۆ خانمان و «براء کوڕی مالیک»ی برای «ئەنەس»یش گۆرانی بۆ پیاوان بچڕێ، کە ئیمام غەزالیش لەسەر ئەم بڕوایەیە و دەڵێت: لە ڕۆژگاری حەزرەتی **محەمەد** و لە سەردەمی ئەسحابەکانیشدا، چڕینی ئاوازی **حدی** وەکو دابێکی زیندووی عەرەب پارێزراوە(٣٩، ٦٦).

ئەم چەند ڕیوایەتەش لە زمانی عائیشەوە دەگێڕنەوە:

١- ڕۆژێکیان حەزرەتی ئەبوبەکر سەردانی عائیشە، دەکات سەیر دەکا وا دوو کچ، لە ژوورەوە خەریکن دەف و دایەرە لێدەدەن، پێغەمبەری خواش لەوێیە و جبەکەی بەسەر خۆیدا داوە. ئەبوبەکر بەسەریاندا دەبۆڵێنێ و سەرکۆنەیان دەکات. بەڵام پێغەمبەر (د.خ) ڕووی خۆی ئاوەڵا دەکاتەوە و دەفەرمووێ: ئەبوبەکر، وازیان لێ بێنە، چونکە ئێستا کاتی بەزم و خۆشییە(٣٩، ٦٦).

٢- ڕۆژێکیان نێردراوی خوا (د.خ) لە ماڵەوە بوو، لەوکاتەشدا دوو کچی گۆرانیبێژ، خەریکی چڕینی گۆرانی ڕۆژی **بعاث** بوون، پێغەمبەر (د.خ) چووە سەر جێی خەوەکەی و ڕووی لە لایەکی تر کرد، لەم کاتەدا **ئەبوبەکر** هاتە ژوورەوە، دەستی کرد بەسەرکۆنە کردنی من: ئەم زوڕنا شەیتانییە چییە؟ ئەویش لە خزمەت پێغەمبەردا؟!... بەڵام پێغەمبەر ڕووی تێکرد و فەرمووی: ئەبوبەکر، وازیان لێ بێنە(٣٩، ٦٧).

٣- کچێک لە ماڵماندا خەریکی چڕینی سترانێک بوو، کە حەزرەتی **عومەر** مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواست، کچەکە هەرکە گوێی لە دەنگی پێی عومەر بوو، ڕای کرد. دوایی کە عومەر هاتە ژوورەوە، پێغەمبەر (د.خ) بزەیەکی هاتێ، عومەر فەرمووی: ئەی خۆشەویستی خوا، ئەوە بەچی پێدەکەنیت؟ پێغەمبەر فەرمووی: کچێک لێرە بوو، سترانی دەچڕی، هەرکە دەنگی پێی تۆی بیست، ڕای کرد و خۆی شاردەوە. عومەر فەرمووی: کەوایە من لێرە نابزووم، تا ئەو شتەی پێغەمبەری خوا بیستوویەتی، منیش نەیبیستم. پێغەمبەریش (د.خ) کچەکەی بانگ کردەوە، ئەویش سەرلەنوێ کەوتەوە سەر بەستە چڕینەکەی(٣٩، ٦٨).



٤- بووکمان بۆ «أنصار»ێک گواستەوە، کە گەڕاینەوە، حەزرەتی **محەمەد** پرسی: چیت کرد! بووکت گەیاندە زاوا؟ عەرزم کرد: بەڵێ، فەرمووی:ئەی کەسێکت ڕانەسپارد، کە بتوانێ **گۆرانی** بڵێ؟ عەرزم کرد: نەخێر، فەرمووی: بێگومان تۆ چاک دەزانیت کە **أنصار** خەڵکێکن زۆر هۆگر و دڵبەستەی گۆرانی و مۆسیقای عاشقانەن و حەزیان لێیەتی(٣٩، ٦٩).

هەروەها« **ئیمام غەزالی»**ش شتێکی لەم بابەتە دەگێڕێتەوە:

ڕۆژێک حەزرەتی محەمەد گوێی لەدەستەیەک **زەنگی** دەبێت کە بە گۆرانی و هەڵپەڕینەوە، بە بەرماڵی حەزرەتدا ڕادەبوورن، بە **عائیشە** دەفەرمووێ: حەز دەکەیت چاوت لێیان بێت؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەوسا حەزرەت لێی نزیک بووەوە و باسکی خۆی لەسەر دیواری حەوشەکەیان بۆ دانا، تا عائیشە چەناگەی بخاتە سەر و بتوانێ خۆی بەرز بکاتەوە و چاوی لە زەماوەند و سەماکە ببێ، تاوێک بەو جۆرە مایەوە، ئەوسا حەزرەت فەرمووی: عائیشە بەس نییە؟ عائیشە وەڵامی دایەوە: هێشتا نەء، ئیتر عائیشە هەروا مایەوە، تا حەزرەت سێ جاری لێ دووپات کردەوە، ئەوسا دابەزی(٥٠، ٢٤٩).

***

سەبارەت کچانی گۆرانیبێژیش، گەلێ بەڵگە لەبەردەستان، ئەوە دەسەلمێنن کە پێغەمبەر (د.خ) گۆرانی وتنی بۆ ئافرەتیش پاوان نەکردووە. بۆ نموونە: جارێک حەزرەتی محەمەد لەگەڵ «حسان بن ثابت»ی شاعیردا بەلای ماڵی «حَسّان بن ثابت»دا ڕادەبووری، دەنگی ئافرەتێکی گۆرانیبێژ دەبیستێ، **حسان بن ثابت** لە پێغەمبەر دەپرسێ: ئەرێ گۆرانی ناچێتە ڕیزی تاوانەکانەوە؟ حەزرەت لە وەڵامدا دەفەرمووێ: بەدڵنیایەوە، نا(٣٩، ٦٧).

لە بۆنەیەکی تردا، حەزرەتی محەمەد (د.خ) سەردانی ماڵی الرُبیع بنتِ مَعّوذ دەکات، لەو کاتەدا کچانی گۆرانیبێژ، خەریکی بەستەچڕین دەبن، هەرکە دەگاتە ژوورەوە، یەکێک لە کچەکان دەڵێ: ئا ئێستا پێغەمبەرێک لای ئێمەیە، دەزانێ سبەینێ، چی ڕوو دەدات، پێغەمبەریش (د.خ) لە وەڵامدا دەفەرمووێ: جارێ لەمانە بگەڕێ، ئەو شتەی دەتوت «گۆرانییەکە) دەست پێ بکەرەوە(٣٩، ٦٨).

دەڵێن جارێکیش کچێک بەلای پێغەمبەردا (د.خ) ڕادەبووری، دەم و دەست، بە دەنگی بەرز ئەمە بە گۆرانی دەڵێ: بە ڕاست ئەمە تاوانێکی گەورەیە، ئەگەر بێت و ساتێک شاد بم؟ حەزرەتیش لە وەڵامدا فەرموویەتی: نا، هیچ تاوانێک لە لوتفی خودادا نییە(٣٩، ٧٠). گرنگایەتییەکی زۆریشیان بەم ڕیوایەتەی **دینەوەری** (٨٩٥ز-دا مردووە) داوە:

جارێکیان ئەسحابەیەک، پێغەمبەری خوا (د.خ)، لە بارێکی ڕۆحانیدا دەبینێ، کە تایبەت بووە بەو کاتانەی لای خوارەوە، وەحی بۆ هاتووە، ئا لەوکاتەدا بە ئەنقەست، لە پێغەمبەر دەپرسی: ئەرێ باوەڕی پێغەمبەریش، دژی بەستە و مۆسیقایە؟! حەزرەتیش وەلم دەداتەوە: من هیچ دژایەتییەکم لەگەڵ بەستە و مۆسیقادا نییە، بەڵام ئەوانەی ڕوو لە گۆرانیبێژیی دەکەن، پێیان بڵێ با گۆرانییەکانیان بە قورئان دەست پێبکەن و بە قورئانیش بیبڕنەوە(٣٩، ٤٠).[١]

هەروەها دەگێڕنەوە: هۆزی **قُرَیش** ئاگادار کرابوونەوە، کە أعشی میمون بن قیس (٦٢٩ز- مردووە)ی شاعیر و سترانبێژی بەناوبانگ،[*] بە نیازی دیداری حەزرەتی محەمەد (د.خ) بەڕێ دەکەوێ، قوڕەیشەکان دەیانەوێ هەرچۆنێک بێت لەم کارە، پەشیمانی بکەنەوە، هەوڵێکی زۆریان بۆ بەرگری لە چوونی داو بۆ ئەوەش بە یەکجاری دڵساردی بکەنەوە،  پێیان وت: زۆربەی ئەو شتانەی تۆ حەزت لێیانە، پێغەمبەری ئیسلام بە حەرامیان دەژمێرێ. شاعیری گۆرانیبێژیش لێیان دەپرسی: باشە ئەو شتانە چین؟؟ «ئەبو سفیان»ی سەرۆکی **قُرَیش** وەڵامی دەداتەوە: عەشقێنی ژنان، قومار، سوودخواردن و شەراب خواردنەوەن(٣٩، ٧١).

بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە و **مۆسیقا**ش لە ڕیزی تاوانەکاندا بوایە، ئەوا ناوی «ئەعشا»شیان دەبرد، کە یەکجار زۆر هۆگری ئەم هونەرە بووە(٣٩، ٧١).

بەڵام پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە دۆستانەیەی **مۆسیقا**ش، لە حەزرەتی محەمەد (د.خ) دەگێڕنەوە، کە گوایە فەرموویەتی: ئەوەندەی باران، سەوزایی لەسەر زەوی دەڕوێنێ، ئەوەندەش **مۆسیقا**، نیفاق لە دەروونـدا دەڕوێنێ. هەرچەندە دەستەیەک پێیان وایە ئەم بیروڕایە، هی **ئیبن مەسعوود**(٣٩، ٦٤).

دیسان هەر لە زمانی پەیامبەری ئیسلامەوە (د.خ)، سەبارەت بە «دەف» ژەندن، کە لەوکاتەدا عەرەبەکان پێیان وتووە: «غربال: Ghirbal»، فەرموویەتی: «زەماوەندی ژنهێنان بگێڕن و «غربال» بژەنن(٤٣، ٣١).

لەمانەش گرنگتر، ئاهەنگ و زەماوەندی گواستنەوەی یەکەمین هاوسەری پێغەمبەر (د.خ)، حەزرەتی **خەدیجە**یە، بۆ حەزرەتی محەمەد، کە بە ئاهەنگ و شادی و **مۆسیقا**وە بووە و هەروەها ئاهەنگی گواستنەوەی «**فاتیمە**»ی کچی حەزرەتی **محەمەد** بۆ حەزرەتی

(١) واتە: ئەگەر لەنێوان قورئان خوێندنەکاندا، گۆرانیش بوترێت، زیانێکی نییە.

(*) لەپێش هاتنی ئایینی ئیسلامدا بەو جۆرە کەسانەی کە شیعر و گۆرانییان پێکەوە وتووە، وتراوە خونیاگەر.



**علی**، کە لەنێوان دۆستان و یارانی تایبەتی محەمەد (د.خ)دا، مۆسیقاژەنێکی زۆریش هەبوون(٤٤، ٧١). کە لەوانە: عەمرۆ کوڕی ئومەیە زەمیری، کە بە **بابا عَمرو**، یان بە **عَمرو عَیّار**یش دەناسرێ، یەکێک بووە، لە ئەسحابەکانی پێغەمبەر و لە زەماوەندی گواستنەوەی «فاطمة»دا، دایەرەژەنی کردووە(٣٩، ٨٥). هەروەها «حَمزة یَتیم»یش، کە بە هاوکاری لەگەڵ «بِلال»ی حەبەشیدا، گۆرانییان بۆ حەزرەتی محەمەد (د.خ) چڕیوە و ناوبراو کەمەربەستەی حەزرەتی **عَلي**، یان **سَلمان فارسي** بووە و دەڵێن ئەمیش لە زەماوەندی حەزرەتی «علی و فاطمة»دا گۆرانی وتووە. دیسان **بابا سَوَند**یش، کە «ئەسحاب»ەی پێغەمبەر بووە، شانازی ئەوەی پێبڕاوە، کە لە نەبەردەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا، تەپڵی کوتاوە(٣٩، ٨٥-٨٦).

لەپاڵ ئەمانەشدا، ئەوەمان لەیاد نەچێ، کە لە پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، لەناو عەرەبدا، پیاوان و ژنان و کچانی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن، لە مەیخانە و لە شوێنە گشتیەکاندا، گۆرانی و مۆسیقایان بۆ خرۆشاندنی هەوەس و ئارەزوو، بەکارهێناوە و لە سەرەتای ئایینی ئیسلامیشدا، دژایەتی و سووکایەتی ئایینی ئیسلامیان پێکردووە(٣٩، ٤٣)، کە **نەضر کوڕی ئەلحارث** (لە ٦٢٤ز-دا مردووە)، جگە لەوەی ئامۆزای پێغەمبەر (د.خ) بووە، یەکێکیش بووە لەوانەی لەپێش ڕاگەیاندنی ئایینی ئیسلامدا، شاعیر و گۆرانیبێژ، واتە **خونیاگەر** بووە، بەڵام دواتر و بۆ دژایەتی ئیسلام، بووە سیاسی و بووە سەرسەختترین دوژمنەکانی پێغەمبەر. هەر ئەم **نَضْر**ەیە. کە لە ئایەتەکانی ٦،٥ - سورەتی ٣١ - «لُقمان»ی قورئانی پیرۆزدا، هەڕەشەی سزادانی بۆ کراوە(٣٩، ٥٤).

لەبەرئەوە سەیر نییە، ئەگەر خودی حەزرەتی محەمەد (د.خ)، بە پارێز و سڵەوە، بۆ مۆسیقای ڕوانیبێ.

***

لەدوای حەزرەتی محەمەدیش، هەر چوار خەلیفەکانی ئیسلام دێن، وەک دەزانین خەلیفەی یەکەم و دووەمی ئیسلام، پێوەندییەکی ساکاریان لەگەڵ **مۆسیقادا** هەبووە، یان دەتوانین بڵێین هەر نەیان بووە، چونکە زۆرتر سەروکاریان لەگەڵ شمشێر و کاروباری جەنگیی و پیادە کردن و ڕاگەیاندنی ئایینی ئیسلامدا بووە و لەبەرئەوەش کە لە سەردەمی خەلافەتی **ئەبوبەکر** «کە خەلافەتی لە ٦٣٢ز-دا بووە»، مۆسیقا وەک کەرەسەیەکی ڕابواردنی **حەرام** پێناسەکراوە، هەرچەندە بۆ سەلماندنی ئەم هەڵوێستە، بەڵگەی سەلمێنراو بەدەستەوە نییە.

هەڵوێستی حەزرەتی عومەریش «کە خەلافەتی لە ٦٣٤ تا ٦٤٤ز- بووە»، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خەلیفەی یەکەمدا نییە، ئەوەندە هەیە کە لە زمانی **عائیشە**وە بیستراوە، کە **عومەر** لە ماڵی حەزرەتی محەمەددا (د.خ)، گوێی لە دەنگی کچێکی کۆرانیبێژ بووە(٣٩، ٩١). جگەلەوەی کە «عاسم»ی کوڕی، یەکجار سەودای **مۆسیقا** بووە و هەموو کاتی خۆی بۆ **مۆسیقا** تەرخان کردووە و یەکێکیش لە سەرکردەکانی، بەناوی **نَعمان بن عَدّي** فەرمانڕەوای **میسان**، هونەرپەروەر و دۆستی هونەرمەندان بووە(٣٩، ٩١).

حەزرەتی عوسمانیش «کە خەلافەتی لە ٦٤٤ تا ٦٥٦ز- بووە»، کە لە سەردەمی ئەمدا، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەب، ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەرداهات و بە پێچەوانەی خەلیفەی یەکەم و دووەمی پێش خۆیەوە، کە ژیانێکی زۆر سادە و ساکار و ئاسایی ژیاون، لە سەردەمی ئەمدا **مۆسیقا** بووە یەکێک لە پێویستییەکانی بنەماڵە خانەدانەکانی عەرەب، هەرچەندە لە خودی حەرزەتی **عوسمان** دەگێڕنەوە، کە وتویەتی: من، نەگۆرانیم وتووە و نە درۆشم کردووە(٣٩، ٦٥).

حەزرەتی «**عەلی**»یش «کە خەلافەتی لە ٦٥٦ تا ٦٦١ز - بووە»، خۆی شاعیر و یەکەمین کەسێک بووە زەمینەی بۆ توێژینەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەی زانست خۆش کردووە، شیعر و مۆسیقای وەک هونەری ڕێزلێگیراو سەیرکردووە و پەرەی پێداون و ئیتر لە دوای سەردەمی ئەمەوە، بەدواوە، ئایندەی **مۆسیقا** جۆرە دڵنیاییەکی بەخۆیەوە دی(٣٩، ٩٤).

***

بەڵام هەر چوار ڕێبازگە گەورەکەی ئیسلام، واتە: حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی، بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ، نەیاری **فیقەی** ئیسلامیان بۆ **مۆسیقا** ڕاگەیاندووە، هەرچەندە لە دەیان کتێبی تری زانایانی ئیسلامدا، تەقەللای ئەوە دراوە کە **حەلاڵ** کردنی **مۆسیقا**، بسەلمێنرێ(٣٩، ٧٢)

دەڵێن **ئەبوحەنیفە** (٦٩٩ تا ٧٦٧ز) ئەگەرچی بەڕواڵەت ئامێری مۆسیقای بە حەلاڵ داناوە، بەڵام حەزی لە **گۆرانی** چڕین نەبووە و گوێدێریی بۆ مۆسیقایش، بە گوناه زانیوە(٣٩، ٧٤). کەچی لە هەمان کاتدا، هەر سەبارەت بە **ئەبوحەنیفە** دەگێڕنەوە، کە: دراوسێیەکی دەنگخۆشی هەبووە، جارێکیان زیندانی دەکرێت، أبو حنیفەش، کە دڵی بە دەنگە خۆشەکەی ئەم دراوسێیە ئاسوودە بووە، کەفالەتی کردووە و لە زیندان ڕزگاری



کردووە(٣٩، ٧٤).

«مالک بن آنس»یش (٧١٥ تا ٧٩٥ز)، ئاواز چڕینی قەدەغە کردووە، «ئیمام شافعی»یش (٧٦٧ تا ٨٢٠) فەرموویەتی گۆرانی وتن، وەرزشێکی ناپەسەندە و هەر کەسێکیش بێ ئەندازە، هۆگری ئەم کارە بێت، عەقڵی سووکە و شایەتییەکەیشی قبوڵ ناکرێ(٣٩، ٧٤). هەر ئەم پێشەوایەی ئیسلام، هەڵوێستی پێچەوانەی ئەو فەرموودەیەی پێشتری لێ دەگێڕنەوە و دەڵێن: مۆسیقا بە کردەوەیەکی حەڵاڵ دەزانێ و هەر ئەمیش فەرموویەتی : هیچ پیاوێکی عاقڵ و خوێندەوار، لە حیجازدا ناناسم، کە گۆرانی و ئاوازی پێ خۆش نەبێ، مەگەر ئەوانەی کە بریتین لە دەربڕینی ڕووت و باسی دڵداری(٣٩، ٧٣). «**أحمد بن حَنبل**»یش (٧٨٠ تا ٨٥٥ز)، حەزی لە **سماع** نەکردووە(٣٩، ٧٢).

## «٢»

بەڵام وەک **مەسعوودی** دەڵێت: لە سەرەتادا، ئایینی ئیسلام بە ئاسانی نەیتوانی جێگەی خۆی لەنێوان کورداندا بکاتەوە، چونکە کوردەکان لە وەرگرتنی ئەم ئایینە تازەیەدا، خۆیان لێ دەپاراست و دوورە و پەرێز دەبوون (٥٤، ٢٣). کە ئەمەش وەک **مسعود گولزاری** دەڵێت نیشانەی ئەوەیە بتوانین بێ سێ و دوو بڵێین کوردان، گەورەترین پشتیوانی شاهەکانی ساسانی و دامودەزگاکانی دەوڵەتی ساسانی بوون (٤٤، مقدمە - ١٠٩). هەربۆیەش لە کاتی هێرشی ئیسلامیدا بۆ سەر **«مەدائین»**ی پایتەختی ساسانی، **یەزگردی** دوایین شای ساسانی، لە تێشکان و هەڵهاتنیدا، ڕووی لە ناوچەی **حەلوان** «زەهاو»ی کوردستان کردووە، تا بەهۆی هاوکاری و پشتیوانیی کوردانەوە، یارمەتی و هێزی زۆر، بۆ بەرگری و بەرهەڵستی لە هیرشی ئیسلام و سەندنەوەی دەسەڵاتی ساسانی پێبگات.

هەر بەو جۆرەش لە سەردەمی عومەری دووەمین خەلیفەی ئیسلامدا، ترس و سڵی ئەوە هەبوو نەتوانرێ کێوە سەختەکانی کوردستان داگییر بکرێ، یان لە ڕێگەی **سوریە** و **جزیرە**وە هێز و یارمەی، بۆ پشتیوانی لەشکری ساسانی بگات(٤٤ - مقدمە - ١١١).

بۆیە لە ساڵی ١٨ی کۆچیدا **عیاض بن غانم**، بە فرمانی **سەعد کوڕی وەقاص**، بە سێ لەشکرەوە بۆ سەر سێ قۆڵی ناوچەکانی جزیرە نێردرا، هەر لە هەمان ساڵدا و لە قۆڵێکی ترەوە، لەشکری ئیسلام بە سەرکردایەتی **عەزرە کوڕی قەیس** بەرەو **شارەزوور** نێردرا، بەڵام بەرەنگاری سەختی کوردان، لەشکری ئیسلامی ناچارکرد پاشەکشێ بکەن، عومەریش ناچار بوو دووبارە لەشکری تر، بە سەرکردایەتی **عەقەبە فرقد ئەلسلمی** بۆ **شارەزوور** و **سامگان** بنێرێتەوە، کە لەم جارەیاندا دوای شەڕی سەخت و خوێنین و قەڵاچۆی کوردان، شارەزوور داگییرکرا (٢، ج ٣- ٢٩).

ئیتر هەر لە سەردەمی خەلیفایەتی **عومەر**دا، چەندان سەرکردەی تری ئیسلامی، وەک **سلمة بن قیس الأشجعی** و **جارود عبدی**، لە چەندان قۆڵی تری وەک موسڵ، لوڕستان وأهواز و... هتد، هێرشیان کردۆتە سەر ناوچە کوردنشینەکان و شەڕی سەختیان لەگەڵدا کردوون، کە لە هەندێ لەم شەڕانەدا، لە ئاکامی بەرەنگاریی سەختی کورداندا، لەشکری ئیسلام ناچار بووە پەیمان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا مۆر بکات، وەک ئەو پەیمانە مەرجدارەی کە هەر لە سەردەمی **عومەر**دا، هەردوو سەرلەشکری ئیسلام **حذیقة بن الهیان** و **مغیرە بن شعیبە**، لە دوای شەڕ و پێکدادانی خوێناوی و بێ ئاکام، لە ناوچەی **ئەردەبیل**، لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەکانی **ئازەربایجان**دا بەستیان و تیایدا بەرامبەر بە ساڵانەی



(٨٠٠) هەزار دەرهەم، کە کاربەدەستانی ئازەربایجان، بە لەشکری ئیسلامی بدەن، بە مەرجێ ئەوانیش دەست لە کوشتن و بڕین و تێکدانی ئاتەشکەدەکانی ناوچە کوردنشینەکانی **ساتروان و بلاسکان و سەبەلان** هەڵبگرن و ڕێز بۆ نەریتی ئایینی ناوچەکە دابنێن (٤٤، ١٤ هەروەها ١١، ١٦٣ هەروەها ٣٠ - ٧٦).

هەرچەندە ئەم پەیماننامەیە لە سەردەمی خەلافەتی **عوسمان**دا پشت گوێخرا و دانیشتوانی ئازەربایجان دەستیان کردەوە بە شۆڕش، کە دووبارە **وەلید کوڕی عەقەبە**، بە فرمانی **عوسمان** ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرایەوە ودوای بەرهەڵستی و شەڕێکی سەخت، هەمدیسان پەیمانی ئاشتییان لەگەڵدا مۆرکرایەوە (٤٤، مقدمە ١٤).

لە سەردەمی خەلافەتی «عەلی»شدا، کوردان و عیسایيەکانی ناوچەی «الخريت»ی هەرێمی **ئەهواز** ڕاپەرینەوە و باج و ساڵانەیان بە خەلیفەی ئیسلام نەدا (٢، ج٢ - ٣٠٦ هەروەها ٤٦، ٢٤١٨).

بەمجۆرە، وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەم شەڕ و پێکدادان و ڕاپەڕین و یاخی بوونەی کوردان، لە سەرانی ئیسلام، تا کۆتایی سەدەی چوارەم و لە هەندێ جێگەی تری وەک ناوچەکانی «هەورامان»یشدا، تا درەنگتریشی خایاندووە. کە مەبەست لەم کورتە پێشەکییە، ئەوەیە بڵێین: ئایینی پێش ئیسلام، کە ئایینی **زەرتوشت** بووە و ئەمیش چونکە ڕێز و گرنگیی زۆری بۆ **مۆسیقا** داناوە، بۆیە ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقا، لە هەندێ لەم ناوچانەدا و بە تایبەتی لە ناوچەکانی هەورامان و ئازەربایجان و لوڕستاندا، شوێنی پێ لەق نەکرا و دواتریش هەر ئەم مۆسیقایە - واتە ئەو مۆسیقایەی لە دێرزەمانەوە، لەو ناوچانەدا ڕێزلێگیراو بووە - بەجۆرێکی تر، کە ئایینی ئیسلام پەسەندی بکات، گەیشتە ناو ئیسلامیش، یان بە واتەیەکی تر، مۆسیقای کۆنی ئێران، زەبر و جێ پەنجەی خۆی، لەناو ئیسلامیشدا ڕەنگی دایەوە، بەڵام نەک بەو جۆرەی لای پەیڕەوانی ئایینی **زەرتوشت** و دواتریش لای **ئەهلی هەق** هەبووە، کە لە **ئاتەشکەدە** و **جەمخانە**کاندا بەکاریان هێناوە، بەڵکو هەر لە کۆڕی زیکر و مەولوود نامە و میعراجنامەدا، کەڵکیان لێ وەرگرت، کە لە سەرەتادا تەنیا **تەپڵ** و **دەف**یان لەو ئامێرانەی مۆسیقای پێش خۆیان وەرگرت، کە لە مزگەوت و خانەقاکاندا کەڵکیان لێ وەرگرت، کە لە مزگەوت و خانەقاکاندا بەکاریان هێناون و دواتریش وردە وردە ئامێرەکانی تری وەک «عوود و تەنبووری»شیان تێکەڵ **مناجاة** و «تواشیح»ی ئایینی کرد، کە دەتوانین بڵێین ئەو مۆسیقایەی ئایینی ئیسلام پەسەندی کرد، شەقڵ و مۆرکی مۆسیقایەکی مات و خەماوی بوو، لە کاتێکدا مۆسیقای پەیڕەوانی ئایینی **زەرتوشت**، شادی هێنەر و خەم ڕەوێن بوو. کە تا ئێستاش هەوێن و

ڕۆحی ئەو شادی و بەزم و **خۆشییە**، لە هەڵپەڕکێ و زەماوەند و گۆرانی و بەستە و جلوبەرگی ئاڵ و والآی ئافرەت و پیاوی کورد و زەوقی کورد، لە ڕەنگە زەقەکاندا، وەک خۆی ماوە.

ئایینی زەرتوشتیش چونکە وەک وتمان: هەوێنەکەی **مۆسیقا** بوو، بۆیە بێ سێ و دوو، لەو (٤٥٠) ساڵەی ماوەی حوکمڕانی شایەکانی **ساسانی**دا مۆسیقای ساسانییش، یان ڕوونتر: **مۆسیقای** «زەرتوشت»یش، زەبر و جێ پەنجەی خۆی، لەسەر دەوروپشتی خۆی کردووە، بە تایبەتیش لەسەر مۆسیقای عەرەبی و ئیسلامی، چونکە لە کاتێکدا پایتەختێکی ساسانی، لە **تیسفۆن** بوو...

لە هەمان کاتیشدا، لە نزیکی ئەم پایتەختەوە، میرنشینێکی بچکۆڵەی عەرەبیش، لە شاری **حیرە**ی لای بەری خۆرئاوای **فورات**، نیشتەجێ بووە و لەلایەن ساسانییەکانەوە حوکمڕانی دەکرا. ئەم میرنشینە بچووکەی عەرەبیش، مەڵبەندێکی درەوشاوەی فەرهەنگی ئێرانی «ساسانی»ی بوو، کە لە هەمان کاتدا، فەرهەنگی **ئاشووری** و «بابلی»یشی تێکەڵ ببوو، یان بە واتەیەکی تر، فەرهەنگی تێکەڵەی **ساسانی** و **ئاشووری** و **بابلی** بوو.

سەبارەت بە زەبر و جێ پەنجەی فەرهەنگی ساسانی، لەسەر ئەم میرنشینە بچووکە، کە نزیکەی **٣٠٠** ساڵێک، لەلایەن ساسانییانەوە بەڕێوەبراوە و لە هەمان کاتیشا لە



تیسفۆن یان: مەدائین



«تیسفۆن»ی پایتەختی ساسانییانیشەوە نزیک بووە، مێژوونووسی عەرەب **طەبەری** دەڵێت: **بارامی گۆر** کە یەکێک بووە لە شایەکانی ساسانی و بەرلەوەی ببێتە **شا**، سەردەمی منداڵیی و لاوێتی خۆی، واتە: لە (٤٣٠ تا ٤٣٨زایین)(٣٩، ٣٠-٣١) لە **حیرە** بەسەر بردووە و پەروەردە بووە، کە بێگومان و بێ هیچ سێ و دوویەک، **بارامی گۆر**، کاتێ لە **حیرە** ژیاوە، ئاگادارییەکی زۆرباشی لە بارەی مۆسیقای ساسانییەوە هەبووە و هەر ئەو کاتەش کە لە **حیرە** بووە،بایەخ و گرنگیی بەمۆسیقا داوە، چونکە هەر کە بۆتە **شا**، یەکێک لە کارە گرنگەکانی ئەوە بوو، پلەوپایەی مۆسیقازانان و هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی لەباری کۆمەڵایەتییەوە باڵاتر برد و ڕێزی لێنان.

بۆیە ئەم کاری ڕێزلێنان و بەباڵا بردنەی هونەری مۆسیقا، مۆسیقاشی پێشخست و ئەم پێشختنەش کاری لە دەوروبەری خۆی کردووە، کە **حیرە**ش یەکێک بووە لەو مەڵبەندانەی لە «تیسفۆن»ی پایتەختی ساسانییەکانەوە نزیک بووە و لە ڕێگەی **حیرە**شەوە، فەرهەنگ و هونەری مۆسیقای ساسانی، بە هەرێمەکانی تری عەرەبستان گەیشتووە(٤٠، ٥٥).

وەک مێژوونووسی عەرەب **مەسعوودی** دەیگێڕێتەوە: لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا لە عەرەبستان ئامێرێکی مۆسیقایی بەناوی **مزهرە** هەبووە، کە ڕووی سەرەوەی ئەم ئامێرە، بە **پێستە** داپۆشراوە، بەڵام **بەربەت** ڕووەکەی بە تەختە داپۆشراوە، بۆیە **بەربەت** جێی مزهری گرتەوە و چونکە ئامیری **عوود**یش ڕووی سەرەوەی بە تەختە داپۆشراوە، لەبەرئەوە ناوی بەربەتیشیان گۆڕی و ناویان نا: **عوود** و ئەم **عوود**ەش لە تەک **تەنبوور**دا، هەر لە شاری **حیرە**دا، دوا شێوەی خۆی وەرگرت(٤٠، ٥٤).

زۆربەی نووسەرانی عەرەبیش ناوی ئامێری «بەربەت»یان بردووە، کە یەکێک لەو نووسەرانە، **حسّان بن ثابت** بووە و فارمەر، مێژووی ژیانی ئەم نووسەرەی لە دەوروبەری ساڵانی (٥٦٣ و ٦٨٣ی زایینیدا) قەبڵاندووە. «حسّان»یش کاتێ بەدرێژیی باسی فەرهەنگی **غسّاني** دەکات - کە هاوکات لەگەڵ سەردەمی ساسانییەکاندا، لە نزیک **سووریا** بووە و لە ساڵی ٦١٤ز لە کاتی لەشکرکێشی **خەسرەو پەروێز**دا، بەرەو **شام** لەناوچووە -(٤٠، ١٣٠) دەڵێت: مۆسیقاژەنان و گۆرانیبێژانی **ئێران** «ساسانی» و ئەرزەروم «کوردستانی تورکیای ئێستا» و **حیرە** لە دەرباری میرەکانی **غسّان**دا کۆدەبوونەوە و پێکەوە بەئاوازی **بەربەت**، پرسیار و وەڵامیان بۆ یەکتر دەسەندەوە. **حَسّان** دەڵێت: من (١٠) کچۆڵەی گۆرانیبێژم بینین، کە پێنجیان **ڕۆمی «بیزانس»** و پێنجەکەی تریان کە لە **حیرە**وە هاتبوون، ئاوازە میللییەکانی خۆیانیان تێکەڵ دەنگی **بەربەت** دەکرد و گۆرانییان دەچڕی(٤٠، ٥٦). وەک لە گێڕانەوەکەی **حَسّان**دا دەردەکەوێت، گۆرانیبێژەکان لە

سەرەتادا، گۆرانی و ئاوازی میللی خۆیانیان، بە زمانی ناوچەیی خۆیان پیادە کردووە، بەڵام دواتر، وردە وردە، واژەگەلی عەرەبییان لە جیاتی واژەکانی خۆیان بەکارهێناوە(٤٠، ٥٦). یەکەمین کەسێکیش واژەگەلی عەرەبی بەکارهێناوە، ناوی **تویس** و خەڵکی شاری **مەدینە** بووە. **تویس** لە ماڵی دایکی حەزرەتی **عوسمان**دا، گەورە بووە و لە سەردەمی لاویدا دڵبەستەی ئاواز و گۆرانی ئەو دیلە ئێرانی «ساسانی»یانە بووە، کە بۆ **مەدینە** هێنراون و لەوێ کرێکارییان پێکردوون و کاتێ بەدەم کارکردنەوە گۆرانییان وتووە، کاریان لەسەر هەستی گوێگرانی شاری **مەدینەی** سەردەمی کۆتایی خەلافەتی حەزرەتی **عوسمان** کردووە و هۆگری گۆرانی و مۆسیقای ئێرانی «ساسانی» بوون(٤٠، ٥٦).

بەڵام لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا، عەرەبەکان خۆیان، بەو هۆیەوە کە سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و کاروباری جەنگ و داگیرکردنی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمگەلی فراوان بوون، بۆیە کاری مۆسیقایان، لە خوار پلەی کاری جەنگەوە داناوە و مۆسیقازانانیان بە دەستەیەکی تایبەت زانیوە و بە پێچەوانەی پلەی گۆرانیبێژ و مۆسیقازانانی ساسانییەوە، کە بە شێوەیەکی ڕەسمی، پلەی باڵایان دراوەتێ؛ کەچی گۆرانیبێژان و مۆسیقازانانی ناو کۆمەڵگای سەرەتای ئیسلام، بە چاوی ڕێزلێنانەوە سەیریان نەکراوە(٤٠، ١٣٥). کە ئەم ماوەیە نزیکەی [١٢٠] ساڵێکی خایاندووە و ئەو ماوەیە بووە، کە وتمان پێشەوایانی عەرەب، سەرقاڵی پیادەکردنی ئایینی ئیسلام و لەشکرکێشی و کاروباری جەنگ بوون.

هەروەها دوای گواستنەوەی پایتەختی حکومەتی ئیسلام، لە **مەدینە**وە بۆ **شام**، دەسەڵاتی مەعنەوی ئێرانییان نەپێچرایەوە و هەمدیسان گەلێ خوخدەی شایەکانی **ساسانی**، لای خەلیفەکانی **ئەمەوی** بوونەوە بە چاولێکەریی(٤٠، ١٣٥). لەمەش زیاتر، لە دوای دەست پێکردنی دەسەڵاتی «عەباسی»یەکان، ئەوەندەی تر جێ پێی ئێرانییان و بەتایبەتیش جێ پێی «خۆراسان»یان، لە دەرباری عەباسی دا کرایەوە، چونکە لەم سەردەمەدا، مەسەلەی لە عەرەب ڕوانین، وەک نەتەوەیەکی باڵا و بە سووک سەیرکردنی نەتەوەکانی تر، خرایە لاوە. دواتریش کە مەڵبەندی **خەلافەت**، لە **سووریا**وە، چووە **کوفە** و دوای چەند ساڵێکی تریش چووە **بەغداد** و ئەم هەردوو شارەش چونکە لەژێر سێبەری فەرهەنگی ئێرانیدا بوون و بەهۆی زیرەکی «ئەبو مُسلم خوراسانی»یشەوە دەسەڵاتی خەلافەت لە «ئەمەوی»یەکانەوە گوێزرایەوە بۆ لای عەباسییەکان، ئیتر نەک هەر لایەنی مۆسیقای ئێرانی، بەڵکو زەمینەی بنیاتنانی فەرهەنگی و فەلسەفی و زانیاریی ئێرانی، لە حکومەتی ئیسلامیدا، ڕەنگی دایەوە(٤٠، ١٣٦).



ئەبو العبّاس سَفّاح، کە ئەڵقەی یەکەمی زنجیرەی خولەفاکانی عەباسییە و بە یارمەتی خەڵکی **خۆراسان** گەیشتۆتە خەلافەت، ڕووی خۆش و نەوازشی بە خەڵکی ئێران نیشانداوە و نەریت و خدەی ئێرانییانی ژیاندۆتەوە، بە چاولێکەرییش لە شایەکانی **ساسانی**، کە ڕێزیان لە مۆسیقا گرتووە و برەویان پێداوە، ئەمیش وەک ئەوانی کردووەوە، پشتیوان و برەو پێدەری مۆسیقازانان و هونەرمەندان بووە. لە سەردەمی خەلافەتی **مەنسووری** برایشیان، بنەماڵەی گەورەی **بەرمەکی**، پلەوپایەی بڵندیان پێ دراوە و هەریەکەشیان سەبارەت بە نەریتی ئێرانی و ڕێزی مۆسیقا و مۆسیقازانان، تەقەللای زۆریان داوە.

لە سەردەمی خەلافەتی مەهدی کوڕی مەنسوریشدا، یەکجار ئارەزوومەندی مۆسیقا بووە و بە پێی قسەی ئیبن خەلەکان، ئاوازی خۆشی چڕیوە. ئیبراهیم ئەرکانی، کە بە ئیبراهیم مووسڵی بەناوبانگە، پلیکانەی ڕێزلێنان، تا دەربار، سەری خست و لە سەردەمی خەلافەتی هادیدا، بە شێوەیەکی ڕەسمیی، نازناوی مۆسیقازانی دەرباری درایە.(٤٠، ١٣٦).

ئیبراهیم مووسڵی – کە ناوی تەواوی ئیبراهیم ئەرکانی کوڕی ماهانە، لە دەرباری خولەفاکانی عەباسیدا باڵاترین پلەی پێ بڕا و ئەمیش کە گەورەترین مۆسیقازانی سەردەمی خۆیەتی، لە بنەماڵەیەکی ئێرانییە و لە کوفە لە دایکبووە و بەو هۆیەوە کە تەمەنی لاوێتی خۆی، لە مووسڵ بەسەربردووە، بۆیە نازناوی ئیبراهیم مووسڵی لێنراوە. دواتر سەردانی ئێرانی کردووە و زانیاریی خۆی لەبارەی مۆسیقای ئێرانییەوە پتر کردووە و ئەوسا بە ڕێگەی بەسرەدا، بۆ بەغداد گەڕاوەتەوە و لەوێ لەگەڵ هارون ڕەشیددا، بە جۆرێ دۆستایەتییان پتەو بووە و یەکیان ناسیوە کە هارون ڕەشید، نازناوی الندّیم «هاودەم»ی پێداوە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و دارایی بووە و چاکترین و جوانترین خانووی بەغداد، هی ئەوبووە و لە کاتی نەخۆش کەوتنیشدا، هارون ڕەشید، خۆی چۆتە لای و لە مردنەکەشیدا، مەئمونی کوڕی هارون ڕەشید، نوێژی لەسەر تەرمەکەی خوێندووە(٤٠، ١٣٧).

ئیبراهیم مووسڵی، لە گۆرانی وتن و مۆسیقاژەندن دا، وێنە و هاوشانی نەبووە و لە ئاوازدانانیشدا، کەس نەبووە شان لەشانی بدا. سەرجەمی ئەو ئاوازانەی دایناون [٩٠٠] ئاوازن. چەندان ئاوازی لە مەقامی ماخوری «ماهوور» دەرهێناوە، کە باسیان لە زۆر کتێبی مێژووییدا، بەو جۆرە هاتووە، کە یەکجار تیایدا سەرکەوتووە.

ئیبراهیم موسلی قوتابیگەلێکی زۆر لێهاتووی پەروەردە کردووە، کە هەڵبژاردەترینیان «ئیسحاق»ی کوڕی خۆی و «مەنسور زەلزل»ی ژن برای خۆی بووە، کە بە الضّارب بەناوبانگە(٤٠، ١٣٧).

ئیسحاق مووسڵی. لە دوای مردنی باوکی، جێگەی باوکی گرتەوە و بووە گەورەترین مۆسیقازانی دەرباری خەلافەتی عەباسی.

ئیسحاق لە شاری ڕەی لە دایک بووە و لەگەڵ باوکیدا چۆتە بەغدا و لەوێ لە دوای تەواوکردنی خوێندن، لای مەنسور زەلزەل، فێری بەربەت ژەندن بووە و بە یارمەتی و هاوکاری بەرمەکییەکان، - کە هەمیشە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەبووە - ئەمیش چونکە جگە لە مۆسیقازانیی، لەگەڵێ بەهرەی تری وەک فەلسەفە و ئەدەبیات و داوەریدا شارەزا بووە، توانیوێتی لە خەلیفە نزیک بێتەوە و لە کۆڕە ڕەسمییەکاندا، بە فرمانی خەلیفە مەئمون، لە ڕیزی ئەدەبیان و زانایاندا دانیشتووە، نەک لەناو مۆسیقازاناندا، کە پلەیان لە خوارتر بووە. بە کورتی پلەوپایەی ئیسحاق، لە دەربارا دا، بەرادەیەک گەیشتووە، بۆی هەبووە وەک عەباسییەکان جلی ڕەش لەبەر بکات، کاتێکیش کۆچی دوایی کردووە، خەلیفە متوكّل وتویەتی: ئیمپراتۆریەتەکەم گەوهەرێکی گرانبەهای لە دەست چووە(٤٠، ١٣٨).

ئیسحاق گەورەترین مۆسیقازانی جیهانی ئیسلام بووە و لە بەربەت ژەندندا، کەس بە پلەی نەگەیشتووە، گەلێ کتێبی لە پاش بەجێماوە، کە سەبارەت بە گۆرانیبێژان و مۆسیقازانانی سەردەم و پێش خۆی، نووسیونی، کە لە باری مێژووییەوە نرخی گەورەیان هەیە.

یەکێک لە چەندان قوتابیگەلی ئیسحاق، زانا و مۆسیقازانێکی زۆر بەناوبانگە و ناوی عُبیداللّه ئیبن خرداذبەیە، کە کوڕی موغێکی بە بنەچە ئێرانییە و بۆتە ئیسلام(٤٠، ١٣٧).

بە کورتی، لە سەردەمی خەلافەتی هارون ڕەشید و خەلیفەکانی دوای ئەویشدا، هونەر و ئەدەب و بە پشتیوانی زانایان و سیاسەتمداران و هونەرمەندانی لێهاتووی بنەماڵەی کارزانی بەرمەکی و طاهری ودواتریش دەیلەمی، بە لووتکەی پێشکەوتن گەیشت و مۆسیقازانانی ئێرانی، لە قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتە لە بارانەدا، توانیویانە جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن و سەروەرییەکانی مۆسیقای پێشینەی خۆیان ببوژێننەوە(٤٠، ١٣٨).

لە سەدەی سێیەمی کۆچیشدا، «زریاب»ی بە بنەچە ئێرانی، کە لە ئەندەلوس «ئسپانیا» دەژیا، پلەوپایەی لە دەرباری خەلیفەکانی ئەمەوی ئیسپانیادا، بە پلەوپایەی ئیبراهیم



«مووسڵ»ی گەیشت، کە لە دەرباری عەباسییەکاندا، پێی گەیشتبوو، زریابیش بەوە بەناوبانگە، کە ژێیەکی تری بۆ ئامێری **عوود** زیاد کرد(٤٠، ٦٠)

بنەماڵەی «تاهیری»ش، کە بنەچە خەڵکی هەرات و بە ڕەگەز ئێرانین، لە دەرباری خەلیفەی عەباسیدا، بە پلەی سەرەوە گەیشتوون و بەرودوا هەمموویان ئارەزوومەند و هۆگری مۆسیقا بوون. تەنانەت هەندێکیان خۆیان مۆسیقازانی لێهاتوو بوون، «تاهیر ذوالیمینین»ی سەر بە ڕشتەی ئەم بنەماڵەیە و «عەبدوڵڵا»ی کوڕی، هەردووکیان نرخ و بایەخی گەورەیان بۆ مۆسیقازانان داناوە. عەبدوڵلایان خۆی، گۆرانیبێژێکی چاک بووە و زۆرجار گۆرانی بۆ مەئمون چڕیوە. دوو کوڕی «عەبدوڵڵا»ش، بەناوی محەمەد و عوبەیدوڵلا، هەر هونەرمەند بوون، عەبدوڵلا ناویان لەو کاتەدا، کە لێپرسراوی داروغای شاری بەغدا بووە، کتێبێکی لە بارەی مۆسیقاوە نووسیوە کە زۆر بەنرخە(٤٠، ١٣٨-١٣٩).

لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچیشدا، زنجیرەی آل بویەی ئێرانی، کە لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچیدا داواخوازی سەربەخۆیی ئێران بوون و بەرەبەرە هەرێمەکانی فارس و کرمان و عێراق و خوزستانیان لە دەست خەلیفەی عەباسی دەرهێنا، دوایی بەغدادیشیان گرت و جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست؛ لە سەردەمی ئەمانیشدا مۆسیقا پلەوپایەی باڵاتر هەڵکشا. دەرباری خەلیفە بووە مەڵبەندێکی درەوشاوەی هونەریی... یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە «عزّالدّولة»ی دەیلەمی دەگیرا، ئەوە بوو کە بایەخی زۆر بە مۆسیقازانان دەدا، «عَضد الدّولة»ش، هەمان ڕێز و خۆشەویستیی بۆ مۆسیقازانان هەبوو. «فەخر ئەلمەمالیک»ی وەزیری« بهاء الدّولة»ش پشتیوانیی لە هونەرمەندان و زانایانی وەک ئیبن سینا دەکرد(٤٠، ١٣٩).

مەبەست لەم بەسەرکردنەوە مێژووییەش ئەوە بوو، کە مۆسیقای عەرەب تا پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، بریتی بووە لە سروودگەلێکی ناوچەیی بێ سەروبەر، کە نرخی زانستیانەی نەبووە و دواتر، لە سەردەمی ئیسلامیدا، هونەرمەندانی گەلانی ژێردەستە و بە تایبەتیش ئێرانییان، بە پلەیەکی پێشکەوتووتر گەیشت، بۆیە فارابی لە بەرهەمەکانی خۆیدا، ڕۆژگاری مۆسیقای پێش ئیسلام، بەرۆژگاری جاهلیەت ناو دەبا(٤٠، ١٣٩).

دەگەڕێمەوە بۆ باسی ئامێرەکانی مۆسیقای سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام و وەک وتمان لە سەرەتادا تەپڵ، دەف، عوود «بەربەت» و تەنبوور بوون. دواتریش وەک باسمان کرد «شمشاڵ»یش، لای ئیسلام حەرام نەکراو بووە ئامێرێکی وا، کە لە سەرتاسەری هەرێمگەلی ئیسلامیدا بەکاربراوە(٤٠، ٩١).

ناسر خەسرەویش، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا کە باسی «تیپی مۆسیقای فاتمی»یەکان دەکات دەڵێت: مۆسیقاکەیان بریتی بووە لە **بوق، تەپڵ، کوس، دەهۆڵ، سوورنای**(٤٠، ٨٩). وەک نووسەری «الأغانی»ش، دەنووسێ: شمشاڵ و دەف، لای ئیسلام، لەو ئامێرانە بوون، کە وەک ئامێری جەنگیی، لای هۆز و خێڵەکان، بەکارهێنراون(٤٠، ٨٤).

لە ناوهێنانی ئامێری دەفدا، دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم ئامێرە، پێش هاتنی ئایینی زەرتوشتیش لە زۆر ناوچەی دەوروبەری هەردوو زێی دیجلە و فورات دا، هەبووە. چونکە لە سەردەمی سۆمەریدا بەم ئامێرەیان وتووە دوپ، یان ئادۆف کە بە مانای تابلۆ و خەت هاتووە و هەر لە زمانی «سومەری»یشەوە گەیشتۆتە ناو ئەکەدی، کە ئەوان پێیان وتووە دوپو، یان توپوو، لەوانیشەوە تێکەڵ زمانی ئارامی بووە، کەلای ئەوان بۆتە دوپ و مەبەستیشیان لەم واژەیە تابلۆ و لاپەڕە بووە. وشەی دوپیش وردە وردە و لە ئەنجامی هاتوچۆی عەرەبدا، بۆ سەر زەمینی ئێرانی کۆن، واژەکەیان بە دەف وەرگرت و ماناکەیشی هەر «تابلۆ و تابلۆ نووسین»ی گەیاندووە(١٤، ١٣). بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەم ئامێرە، زۆرتر لە ناوچە کوردنشینەکاندا و بە تابەتیش لە مزگەرت و خانەقاکانی کوردستاندا، کەڵکی لێ وەردەگیرێ(١٤، ١٣).

لە هەمان کاتدا ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە لە ئاکامی ئەو شۆڕش و یاخی بوونانەی کوردان، لە سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام و ساڵانی دواتریش، لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا، بەرپایان کرد و «لێرەدا دەرفەتی بەسەرکردنەوە و ناوهێنانی هەموویان نییە، کە دەتوانیین بڵێین لە ژمارە نایەن» و هەندێکیان بوونە مایەی پێکهێنانی دەسەڵاتدارییەکی کوردی لە هەندێ ناوچەدا، وەک میرنشینی ڕوادی (٢٣ - ٦١٨ی کۆچی) لە ناوچەکانی ئازەربایجان و میرنشینی شەدادیان (٣٤٠ - ٥٥٩ی کۆچی)، لە گەنجە و دوین و میرنشینی حەسنەویە (٣٤٨- ٤٧٤ی کۆچی)لە دینەوەر و نەهاوەند و حەلوان و شارەزوور و میرنشینی دۆستەکی (٢٧٢ - ٤٧٨ی کۆچی)، لە ناوچەی دیاربەکر و میافارقین، کەم و زۆر بوونەتە سێبەر و داڵدە بۆ ژیاندنەوەی ئەو مۆسیقایەی پێش هێرشی ئایینی ئیسلام، لەو ناوچانەدا هەبووە، کە بەداخەوە زانیاریمان هەر لەسەر ئەمی دواییان، سەبارەت بە مۆسیقا پێگەیشتووە، «کە دواتر باسی دەکەین».

ئیتر ئەم بارە، تا هاتنی هێرشی تورکانی سەلجوقی، لە دوای ساڵانی ٤٢٠ی کۆچی بەدواوە، شەڕ و بەرەنگاری تازەی بەرودوا، لە سەرتاسەری کوردستاندا دووبارە بۆتەوە و دوای ئەمانیش کە دەسەڵاتیان بەسەر زۆر ناوچەی کوردستاندا پەیدا کردووە، ئەو دەسەڵاتدارییە کوردییانەش بەروودوا لەناوچوون.



دوای ئەمانیش، شەپۆلێکی تری هێرش و پەلامار، لەلایەن لەشکری مەغۆڵەکانەوە هەمدیسانەوە کوردستانی وەک زۆر هەرێمی تری خۆرئاوای ئاسیا، خستەوە ژێر داگیرکردن و کاولکاری و لە ماوەی سێ ساڵ کەمتردا، واتە لە ساڵی (١٤٤٧ تا ١٢٥٠ز)، تێکڕای شارە ئاوەدانەکانی کوردستان داگیر و کاولکران. کە ئەم دوژمنایەتییەش ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا و مەغۆلەکان زیرەکانە دۆستایەتی عیسایییەکانی دوژمنی کوردیان هەڵبژارد، کە بەهۆی کۆنە ڕقیانەوە لە «سەلاحەددینی ئەیوبی کورد»، بەدوای تۆڵەدا دەگەڕان. لەبەرئەوە بەدرێژایی هێرش و کاولکارییەکانی تەیمور (١٣٣٦ - ١٤٠٥ز)، کە لە کوردستاندا کرد بووی، کوشتار و قەڵاچۆیەکی بێ بەزەییانەی لە کورد کرد.

ئیتر دوای مەرگی تەیموریش، کە دەسەڵاتی تەیمورییەکان لاواز بوو، تورکانی ئاق قۆینلو و قەرەقۆینلو، سەریان هەڵدا و جارێکی تریش کوردستان کەوتەوە بەرمەترسی ئەمان و ستەم و زۆرداریی ئەمانیش، تا دروست بوونی حکوومەتی سەفەوی (١٥٠١ز)، درێژەی کێشا، کە سەفەوییەکانیش توانای هێورکردنەوەی توندوتیژی نیوان ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان نەبوو، بە تایبەتی شا ئیسماعیل (١٤٤٧- ١٥٢٤ز)ی دامەزرێنەری سەفەوی، هەمان ئاکاری «قەرەقوینلۆ»ی بەرامبەر کوردان گرتبووەبەر و لە بەرامبەریشیدا سۆلتانەکانی عوسمانی و بە تایبەتیش سولتان «سەلیم»ی عوسمانی (١٥١٢- ١٥٢٠ز)، بە ڕاوێژی مەولانا ئەدریس بەتلیسی (١٤٥٢ - ١٥٢٠ز)، توانیبووی دەست بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستاندا بگرێ و سەرانی کوردیشیان لە دەوڵەتی سەفەوی هانداوە، تا هەریەکەیان لە جێی خۆیەوە دژی سەفەوییەکان ڕاپەڕن و ملیان بۆ نەدەن و لە ناوچەکانی خۆشیاندا دەسەڵاتدارییەک دروست بکەن، کە بەم کارە، چەندان میرنشینی کوردیی پێکهاتووە و ئێمەش لەم کورتە مێژووەدا، مەبەستمان هەر پێکهاتنی ئەم چەند میرنشینەیە، کە جاروبار، لە سێبەریاندا ئارامیی و حەسانەوەیەکی کاتیی، بۆ میرنشینەکانیان دەستەبەر کراوە و لەو ئارامیی و حەسانەوەیەشدا، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بە هەموو مەیدانەکانیەوە گەشەی کردووە و ئەدەب و هونەریش، وەک ڕەنگدانەوەیەکی ئەو پێشکەوتنە، لەژێر باڵیاندا گەشەی کردووە، کە ئەو هونەر و ئەدەب و فەرهەنگەی، لەو میرنشینە خۆماڵییانەدا شوێنەواریان بۆ ئێستا بۆتە سەروەریی، بەڵگەی ئەوەشن، چونکە لە باوەشی ناوچەکەدا لە دایکبوون، بۆن و بەرامە و مۆرکی کوردییان پێوەیە. لە لایەکی تریشەوە نیشانەی ئەوەن کە ئەگەر دەرفەت و مەیدانی کاریان لەبەردەمدا بۆ بڕەخسێ، توانا و بەهرەی داهێنانی گەورە دەخوڵقێنین. بۆیە نموونەی

هەڵکەوتنی مەلای جزیری (سەدەی ١٥ی زایین) و (ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٧ز) و دواتریش دەرکەوتنی نالی (١٨٠٠ – ١٨٧٣ز) و هاوڕێکانی و مەولەوی (١٨٠٦ز – ١٨٨٢ز) و... هتد. لە سێبەری میرنشینەکانی جزیرە، بەتلیس، بابان و ئەردەڵان و... هتد. بەڵگەی لەبەرچاوی ئەو پێشکەوتنانەن، کە دیارە مۆسیقا و گۆرانیش، پێ بەپێی گەشەکردنی ئەدەب و هونەر، لە دەرباری ئەو دەسەڵاتداری و میرنشینانەدا، گەشەیان کردووە.

***

هەرچەندە لەم بەسەرکردنەوە مێژووییەی هەر دوو دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانیدا، دەڵێین کە هیچ یەکێک لەو دوو دەسەڵاتە، لە بناواندا مەبەستی پشتیوانی کردنی کورد نەبووە، بەڵکو ویستوویانە بە هۆی کوردەوە بتوانن یەکتری لاواز بکەن و لە هەمان کاتیشدا زۆرجار بووە هەر ئەم دوو دەسەڵاتە، سەودایان بەو میرنشینانە کردووە و چەند میرنشینێکیان کردووە بە قوربانی چەند ڕێکەوتننامەیەکی نێوانیان، یان ئەو سیاسەت و بەرنامەیەی لە سەردەمێکدا، بەرامبەر میرنشینێک لەبەریان گرتووە، لە سەردەمی شایەکی تردا پێچەوانە بۆتەوە، کە نموونەی ئەم کارە، لە دوای مردنی سوڵتان سەلیم سەر هەڵدەدا و هەر یەکسەر دوای مردنی سوڵتان سەلیم، سوڵتان سلێمان خانی قانونی کوڕی، چاکەی بنەماڵەی مەولانا ئەدریس لەبیر دەکا و لەگەڵیاندا دەکەوێتە دوژمنایەتی و ستەمکاری و پیلان و دەست تێوەردان و هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانی کورد(٤٤، مقدمە ١٥٢) کە ئیتر دوای هاتنە سەرکاری بنەماڵەی قاجارەکان (١٧٧٩ز)، سیاسەتی شایەکانی قاجاریش بەرامبەر ئەم میرنشینانە کەمێک گۆڕدرا و هەندێ لەو میرنشینانە، ڕووەو لایەنگیری شایەکانی قاجاری ڕەفتاریان کردووە.

بەڵام لەو لەنگەرانەدا، کە مەبەستما لەلای ڕووی ڕووناکی ئەو میرنشینانە هەڵوێستە بکەین، چەند نموونەیەکی گەشەکردووی لایەنی گۆرانی و مۆسیقای ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتدارییانە بەسەر دەکەینەوە، تا بزانین هەریەکەیان لە مێژووی خۆیاندا، چییان لەم بارەیەوە بۆ جێ هێشتووین!.

لە سەردەمی میرنشینی «دۆستەکی»دا، کە مامۆستا «عەبدولڕەقیب یوسف» کتێبێکی دەوڵەمەندی، لە دوو بەرگەدا لەبارەیانەوە نووسیوە، سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای ئەم دەسەڵاتدارییە دەڵێت: گۆرانی و مۆسیقا لە دەرباریاندا، لەوپەڕی باڵاکردندا بوون. بەتایبەتیش لە سەردەمی حوکمڕانی «نصر الدولة»دا، گرنگییەکی زۆریان پێدراوە، کە



فارقی لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەوەندەی لەو میرنشینانەدا گرنگایەتی بە گۆرانی و مۆسیقا دراوە، لە هیچ میرنشین و دەربارێکی تری دوور و نزیکی ئەو سەردەمەدا بەو جۆرە نەبووە.

دوای «نصر الدولة»ش، میر سەعد هەمان گرنگیی بە گۆرانی و مۆسیقا داوە، کە ناوبراو لەو سەفەرەیدا بۆ هەتاخ، گۆرانیبێژان و مۆسیقاژەنانی لەگەڵ خۆیدا بردووە. ئەم ڕێزە، لەلایەن قازی حسێن کوڕی سلحەی مالکیی گەورەی قازییەکانی دەوڵەتیشەوە «کە قازی فارقین و دیاربەکری پایتەخت بووە» هەروا بووە. کە بەداخەوە شتێک دەربارەی مۆسیقا و گۆرانییەکانی ئەم میرنشینە نازانرێ، بەڵام مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف گومانی ئەوە دەکات چیرۆکی زەمبیل فرۆش و چیرۆکی ژن هێنانی میر ئەحمەد، لە ئاوارەییدا، مۆرکی ئەو سەردەمەیان پێوە بێت(٨٥، ٢٣٦– ٢٣٨).

ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەی لەو میرنشینەدا بەکار براون، ئەمانە بوون: عود، تەنبور، قانون، شمشاڵ،... هتد.

***

خاوەنی شەرفنامە (شەرەفخانی بەدلیسی ١٥٤٣–١٦٠٣–١٦٠٤ز)ش، مەیدانی مۆسیقا و گۆرانی بەچۆڵی بەجێ نەهێشتووە و هێمایەکی ڕاگوزارییانەی بۆ کردووە.

سەبارەت بەو ئاهەنگی میواندارییەی کە: میر خەلیل کوڕی میر سلێمانی حاکمی حەسەنکیفا بۆ خوشکەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی ساز کردبوو، لە کاتێکا کە بەوێدا تێپەڕ بووە، لە زیارەتی حەجدا، شەرەفخانی بەدلیسی خۆی لەگەڵ ئامادە بووەکاندا بووە، دەڵێت: گۆرانیبێژی زۆر دەنگخۆش ئامادە بوون، کە زۆر شارەزای هونەری ئاواز بوون، مۆسیقاژەنەکانیش لە عوودژەندندا زۆر لێزان بوون، کۆڕەکەیان سەرسام کردبوو(٩، ١٧٧). لە جێگەیەکی تریشدا، لە وەسفی بایسنقردا، کە دووەمین میری برتک بووە لە ناوچەی دەرسیم، دەڵێت: «لە پاڵ ئەو هەموو توانا زانستیانەیەی و کار و فرمانە زۆر و ژیرییەی، لە چاو تێکڕای میرانی کوردستان و سەرکردەکانی ئێستایاندا، کەچی شارەزاییەکی چاکیشی لە مۆسیقادا هەیە»(٩، ١٩١). لە باسی میهرەجانێکیشدا، کە لە قەڵای بەدلیسدا ساز دراوە، وەسفی بەشی موسیقای میهرەجانەکە دەکات و دەڵێت: «گۆرانیبێژانی لە ئاواز و ئاهەنگدا و مۆسیقاژەنی خاوەن ئاوازی بە سۆز و دەنگ دڵگیر، بە تار و لێزان لە بەرنامەی کوردی و لەسەر بنچینەی عەرەبی و ڕێبازی فارسی و یاسای عەجەمی، کە دەستیان بە چالاکی نواندن کرد، کارێکیان کرد، گەشکە و شادییان گەیاندە زوحەل»(٩، ٤٢٣).